

لە یادی 59 ساڵەی گەڕانەوەی قارەمانانی نیشتمان

# دوای 12 ساڵ دابڕان بارزانی و هەڤاڵانی گەڕانەوە کوردستان



**خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی**

رابەری روحی نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر وهەڤاڵەکانی بێ جیاوازی بەرگریان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کرد و سەروەری گەورەیان تۆمار کرد ،دوایی تێک چوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بارزانیی نەمر بە خۆی 500 کەس لە هەڤاڵانی توانییان خۆیان لە رووباری ئاراس لە 6/18/ 1947 بۆ بەرگری لە خاکی کوردستان پەڕێنەوە و چوونە ناو خاکی سۆڤیەت، ماوەی 12 ساڵ ژیانی ئاوارەی و غوربەتیان هەبوو لە رۆژی 16/4/ 1959 هاتنەوە بۆ خاکی کوردستان.

**لە بارەی بەشداریکردنی لە بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد مام(شێخومەر کانیەدێری) گوتی:** دواتر بە گەنج و لاو و پیر ئێمەی بارزانییەکان ناونوسمان کرد بۆ بەشداركردن لەشکری کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لەو ناونووس کردنەوە دەبوایە زیاتر لە 3 یان 4 مانگ مەشقی عەسکەریمان کردەبووایە و من یەکێک لەوانە بووم و کاتێک چەکمان وەردەگرت سوێندمان دەخوارد کە نابێ خیانەت لەم کۆمارە بکەین بەڵکو دەبێ بەرگری لە خاکی کوردستان بکەین ،رۆژی 22/1/ 1946 کۆماری کوردستان لە مەهاباد رایگەنرا ئەو کات کە بەسەرکردایەتی پێشەوا قازی بوو و سەرکردایەتی سەربازی بە پلەی ژەنراڵ بارزانی و ئەو رۆژە زۆر مێژوویی بوو و کوردایەتی بەهێز بوو، ئێمە بە بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی بەشداریمان لە چەندەها شەڕ و قارەمانیەتی کرد و ئامادەش بووین گیانی خۆمان فیدا بکەین و ئەوەی کە ئەم بیروباوەری زیاتر بە هێز دەکرد بوونی بارزانیی نەمر بوو کە سەرکردە و کەسێکی نزیکی ئێمەی لەشکر بوو، لەشکری کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە بارزانیی نەمر سەرپەرشتی دەکرد لە بەرەکان سەردەکەوت.

دوایی تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد تا گادەر خوالێخۆشبوومام(ناوخۆش لێرەبیری) یەکێک لە ئەو هەڤاڵانە بووە لەگەڵ بارزانیی نەمر کە چوویتە سۆڤیەتی جاران، پێش سەفەرەکەتان رابەری کوردستان بارزانیی نەمر چی بە ئێوە و هەموو هەڤاڵەکانی گوت، **خوالێخۆشبوو مام (ناوخۆش لێرەبیری) کە دەگریا، لە بیرەوەرییەکانی دا، بۆ خەبات گوتی:** دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، گەورەترین زەربەمان لە دوژمن دا، بارزانیی نەمر هەموو کات لە ناو سەنگەرەکانی خەبات دا بە ئێمەی دەیفەرموو : دەبێ هەمیشە چەکتان پێبێت و هەتا دەمرین بەرگری دەکەین، ئێمە لە گەڵ ماڵ و خێزان و لەشکری بارزانییەکان هەتا گەیشتینە سەر گادەر دیسان شەڕی و بەرگری لە خۆمان کرد و زروفەکە زۆر ناخۆش بوو و چونکە منداڵ و خێزانمان لە گەڵ دابوو و دەبووایە ئەوانمان دەرباز کردبووایە.تاکو دوایی لە کۆبونەوەیەکی چارەنووساز بریار دا کە ماڵ و خێزان و پیر و پەتکەووتووە لە گەڵ خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان بگەڕێنەوە بۆکوردستان و ئەوانەی کە توانای رویشتنیان هەبوو لە گەڵ بارزانیی نەمر رێگای سەرسەخت هەڵبژرین، دوای بارزانیی نەمر ئێمەی کۆکردینەوە بارزانیی نەمر فەرمووی: چارەنووسی ئێمە نادیارە و زروفمان سەختە و نازانم لە برسان دەمرین و یا لە سەرمان رەق دەبینەوە، ئێمەی رێگای مان و نەمان هەڵبدەبژیرین، ئەوەی دەچێتەوە با بچێتەوە ئێمە بەردەوام دەبین و ئەوەی لەگەڵ ئێمە دەمێنێتەوە دەبێ کوشتن و برسیەتی و چەرمەسەری لە پێش خۆی دابنێ، دوایی ئێمە هەموومان بە یەک هەڵویست هاوارمان کرد کە لەگەڵت دادەبێت و مردنمان لە ژیان پی خۆشترە و یەک کەس لە رێزەکان نەهاتەوە خوارو، من لە گەڵ برا و وئامۆزایەکانم لە کەسوکار و ماڵ و خێزان لێک دابڕاین، ئەو سەفەرەمان لە پێناو مافەکانی کوردستان لە گەڵ بارزانیی نەمر هەڵبژارد.

لە بارەی ئەو بیرەوەرییەکانی لەو سەفەرە مێژووییە لە قەزای سۆران چاومان بە هەڤاڵی بارزانیی نەمرمام (لاوکۆ مامەند مەسیح) بەشداربووی ئەو رێرەوە کەوت، لە بیرەوەریەکانی دا بۆ ئەو رێگا سەخت دا لە گەڵ بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی گوتی:

لەو ماوەی سەفەری سەرسەختەمان کە بۆ ماوەی 62 رۆژ تا رووباری ئاراس بوو، رابەری بزوتنەوەی کوردستان بارزانیی نەمر لە پێش چوونی سەفەرە هەموو ئەوشتانەی بۆ ئێمەی گێڕاوە، هەروا دەرچوو، چونکە هەموو لایەکمان دوژمن بوو، دیسان شەڕی دوژمنانمان دەکرد لەو سەفەرە دووردرێژە دا شەڕی سەرما و برسیەتی و تینوویەتی و گەرمامان دەکرد، تووشی زۆر کێشە و گرفت بووین، بۆ ئەوەی دەستی دوژمنان بۆ ئێمە درێژ نەبێت،

لە بیرەوەری هەڤاڵانی بارزانیی نەمردا:

## لەم سەفەرە مێژووییەدا بارزانیی نەمر لە پێش هەموومان بوو و وەک ئێمە بوو بەبێ جیاوازی هەرچی خواردن هەبووایە پێکەوەمان دەخوارد، بارزانیی نەمر لە رێگا دەیفەرموو: ئەگەر نانکێمان دەسکەوت هەموومان پێکەوە دەیخۆین، ئەگەر نا بە برسێتی، درێژە بە رۆیشتنمان دەدەین.

لەم سەفەرە مێژووییەدا ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام رەفتاری بارزانیی نەمر بوو، ئەو سەرکردەیەی لە پێش هەموومان بوو و وەک ئێمە بوو بە بێ جیاوازی هەرچی خواردن هەبووایە پێکهەوەمان دەخوارد ولە رێگا بەردەوام بووین و بارزانیی نەمر لە پێشمەرگەکانی هەبوو و هەرچی لە دەستی دەهات دەیکرد، فرۆکەکانی دوژمن بەسەرماندا دەسوڕانەوە و بەدوامان دەگەڕان و دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە حکومەتی سۆڤیەت لە 6/18/ 1947 لە رووباری ئاراس پەڕینەوە بۆ خاکی سۆڤیەت لەوێشدا دیسان ئێمە دابەشی سەر گوندەکان کراین، لەو گوندانە شارەزای تەواومان نەبوو و زمانمان نەدەزانی و بۆخۆمان ئیشمان دەکرد، هەرچەندە نزیکەی 3 ساڵ بارزانیی نەمر لە ئێمە دورخستبووە، بەڵام دوای خۆپیشاندانمان کرد،دواتر

پێش هەموومان دەڕۆیشت وبیرو باوەڕی بە خوای گەورە پتەو بوو و ئومێدی دوا رۆژ زۆر گەش بوو، هەروەها بە سەرما و زگی برسی بە نێو چەندین گوند لە سەر رێگامان بوون دەڕۆیشتن، بارزانیی نەمر نەیدەهێشت پارچە نانێک لە کەسێک وەربگرین، چونکە بارزانیی نەمر لە رێگا دەیفەرموو: ئەگەر نانکێمان دەسکەوت هەموومان پێکەوە دەیخۆین، ئەگەر نا بە برسێتی، درێژە بە رۆیشتنمان دەدەین، 

دەیفەرموو: دەبێ سەبر و تەحمولتان هەبێت رۆژی ئێمە دێت بە خۆشی دەژین ، هەمیشە چاوی لە سۆڤیەت کە دەنگی زوڵم کراوی کوردستان و مافەکانی کوردستان بگەێنینە ئەو وڵاتە.

بۆ ئەم یادە لە پیرمام سەردانی هەڤاڵی بارزانیی نەمر مام (کازم شانەدەری) کرد و لەبیرەوەرییەکانی دا بۆ گەڕانەوەی سەربەرزانەیان بۆکوردستان کە بەکەشتی (گرۆسیا )سۆڤیەتی گەڕانەوە دا کە نەخشەی لای بوو کە ئەوشوێنانەی دەست نیشان کردەبوو، کە لە وەڵاتی سۆڤیەتی جاران دابوون و هەروەها لە بارەی ژیان لەوێدا و چۆنیەتی گەڕانەوەیان **مام (کازم شانەدەری) گوتی:** دوای چوونمان بۆخاکی

گەڕایەوە ناو ئێمە هەڤاڵانی، بەهەوڵ و کۆششی بەردەوامی بارزانیی نەمر وەزعی ئێمە بەرەوە چاکتر رۆیشت، بەراستی گەلێک برسیەتی و بێ جلوبەرگی و غەریبایەتی و دەربەدەریمان چێشتووە، پاشان خراینە بەرخوێندن و من بڕوانامەی کشتوکاڵم وەرگرت. دوای گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لەساڵی 1958 بۆ کوردستان دواتر بارزانیی نەمر شەهیدی فەرماندە ئەسعەد خۆشەوی سێلکی و میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی رادسپارد کە ئێمە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بەماڵ وخێزان لە سۆڤیەت بگەڕێنەوە بۆکوردستان ئەوە بوو لەبەندەری ئۆدیسا لە سەر دەریای رەش 1959/4/1 لە ناو کەشتی بووین هەموو ئێمە ئەو هەڤاڵانەی بارزانیی نەمر کە لە ساڵی 1947 لە پێناو کوردایەتی ئاوارەیی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووین بەئەو هەڤاڵانی کە ژیانیان لە گەڵ ئافرەتانەی روسی هێناوە بە منداڵەوە و لە یادمە پێش چوونمان بەرپرسانی بەرپرسانی وەڵاتی روسیا لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوە وچەندین وتاریان پێشکەش کرد کە هیوایان خواست بە سەلامەتی بگەڕێنەوە وەڵاتی خۆمان و بەسەربەرزیەوە ژیان ببینە سەر و دواتر هەڤاڵی بارزانیی نەمر میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی و شەهید سیامند عوزێر مێرگەسۆری ئەوانیش بەناوی هەموومان وتاریان خوێندەوە کە سوپاسی حکومەتی روسیا کردە بوو کە ماوەی 12 ساڵ لە روسیا ژیان ئێمە بە پەناهەندە کرد کە بەخواستی بارزانیی نەمر چووینە بەرخوێندن ، چونکە هەمیشە بارزانیی نەمر دەیفەرموو: روسیا هەمیشە هاوکاری ئێمە بووە و یەکەم وەڵاتە کە ئێمە بە پەناهەندە قەبوڵ کرد. ئێمە هەموومان لەناو کەشتی سۆڤیەتی گرۆسیا دابووین کە ئەو کەشتیە لە 5قات پێکهاتبوو ولە پێشەوە کە گرانی ئەو کەشتیە 14تن بوو زۆ گەورە بوو ،لە 3قات ئێمە تێدابووین، کە هەموو خزمەتگوزرای تایبەتی تێدابووە وهەرخانەوادەیەک جێگای تایبەتی خۆی هەبوو، جا بەمشێوە بە کەشتی سۆڤیەتی (گرۆسیا) لە رۆژەکانی (ا و 2و 3 /1959/4) بەرێکەویتن و لەناو دەریای رەش بووین و 1959/4/4 داخلی تەنگاتی بۆسفور بووین دواتر بۆ ئیستانبول تێدا چووین بۆ ناو دەریای مەرمەر و بۆ ئێوارەی لە تەنگاتی دەردلین چووینە ناو دەریای ئەژە ناو ئاوی یونان دواتر 1959/4/5 بۆ دەریای سپی ناوەراست و دواتر 6

/1959/4/ بۆ نێورانە گەیشتەبەندەری پۆرسەعیدا ناو زەوی میسری عەرەبی و دواتر رۆژی 7/4/1959 بۆ قەنانی سوید ولەیادمە لە کۆتایی قەنانی تەختەیک لەوی بوو کە نوسیبووە کە درێژایی قەنای سوید بۆ دەریای سور 175 کیلۆمەتر درێژە و پانی 120 مەترە و کوراتی 12 مەتر و دواتر داخلی دەریای سور بوون لە نێوان ئافریقا و ئاسیا و 1959/4/10 لە تەنگاندا باپل مەندەب داخلی خەلیجی ئەدەن بووین و دواتر کەشتی بەرەو رۆژهەڵات بۆ دەریای عەرەبی و دواتر بۆ ئیماراتی یەکگرتوو رۆیشت و شەوەی 13لەسەر 1959/14 کەشتیی چوویە خەلیج فارس و 1959/4/16 گەیشتنە ئاوی شەت و عەرەب و بەکەشتیی سۆڤیەتی گرۆسیا چوویە ناوی ئاوی عەرەبەکان و لەگەڵ بەیانی لە شاری فاو لە کۆتایی خال عێراق نزیک کوێت و روباری شاری فاو پربوو لەخەڵک بە گەورە و بچووک و راوەستابووە و هاتنە پێشوازی ئێمە بە چەپلە لێدان و هەتا فرۆکەی عێراق لە کەشتیی گرۆسیا دەسوراند ، بارزانیی نەمر بەخۆی هاتبووە پێشوازی ئێمە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر و کاتژمێر 12ی نێورانە گەیشتیننە بەندەری بەسرە لە ناو شەت وعەرەب و لەوێدا بارزانیی نەمر چاوەڕێی گەڕانەوەی ئێمە هەڤاڵانی دەکردلە یەکێتی سۆڤیەت بە کەشتی گرۆسیا دەگەڕاینەوە نیشتمان لەبەندەری راوەستا بوون و عەسکەری و بارزاینی نەمر بەدەست پێشوازی ئێمە کرد و هەروەها گەلانی عێراق بە کورد وتورکمان و عەرەب و کەمە نەتەوەکانی دیکەوە پێشوازی لە ئێمە قارەمانەکانیان کرد بەحەقیقەت رۆژێکی زۆر مێژوویی بووە کە ئێمە لە 1947/4/16 لە گادەر لەگەڵ بارزانیی نەمر رابەر لە خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان و ماڵ و خێزان دابڕاین و دوای 12 ساڵ هەمان رۆژ 1959/4/16 بەنیشتمان پێکەوە شاد بووین، هەروەها شێخ سادق شێخ بابۆ هاتوە ناو کەشتی وبەخێرهاتنی ئێمەی کرد و هەتا وتارێکی بەبۆنەی گەڕانەوەی ئێمە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بۆ کوردستان خوێندەووە، باش لە یادمە بارزانیی نەمر دیاری بۆ کەشتیوان ناو کەشتی گرۆسیا کە پیاوەکان یەک ساعەت وئافرەتیش گەردەنبەندی زێ بە دیار پێشکەشی ئەوانی کرد و ماندووبوونی لەئەوان کرد وهەتا هاوکاری مادی ئەوانیش کردەبوو.دوای ئێمە هەموومان چووینە ناو قەتار لەبەر پێشوازی خەڵک حەرکەتمان کرد بۆ ناسریە دواتر بۆدیوانیە و بابل و بۆبەیانی نێوارنەی 1959/4/17 گەیشینە بەغدا و بارزانیی نەمر هاتە پێشوازی لە ئێمە هەموومانی کرد و لەیەکەم قەیتار هەتار ئاخری بە هەموومان سلاو بەخێرهاتنی کرد کە جارێکی تر بە نیشتمان شاد بووینەوە ، دواتر لە جەبرحەمرین ئێمە داخلی زەوی کوردستان خۆرماتوور بووین چونکە لەجەبل حەمرین سنوری کوردستان بووە و 1959/4/18 گەیشتنیە ناو شاری دڵی کوردستان کەرکوک کە هەموو خەڵک پێشوازی مەزنیان ئێمە کرد و دوای لەهەموو شوێنەکانی کوردستان لە هەردوو لە پێشوازی کردن خەڵک دابووین و دواتر گەیشتنیە هەولێر و خەڵکی زۆر و بێ حساب لەمەدعەتی قەتار لە پێشوازی کردن دا بوون و دوای ئێمە لەسەر هوتێلی هەولێر و مەسیف سەلاحەدین و شەقلاوە دابەش کراین و ئێمە لەهۆتێل شیرزاد لەهەولێر بووین وئەوانەی کەماڵ و خێزان هەبوو هێنا مەسیف و ئەوانی ترش بۆ شەقلاوە و لە هەولێر شوێنەک دیار کرد کە نان بخوێن و نان و خوردان دەدایە و هەتا ئەوانەی کە دەهاتنە پێشوازی ئێمە ئەوانیش لەگەڵمان نانیان دەخوارد. کەسوکارم هاتبونە پێشوازی کە دایک و باوکم کۆچی دوایان کردەبوو ،دواتر خوالێخۆشبووشێخ ئەحمەد بارزانی هاتە لای ئێمە لە هەولێر لە پارک بووین جەنابیان هاتەوە و بەخێرهاتنی هەموومانی کرد وهەتا هەندێکی دەناسی و هەتا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆگەرانەوەی ئێمە هەموو هەڤاڵانی بارزانیی نەمر و هەتا گوتی: من لەگەڵ ئێوە نان دەخۆم و کەیفی خۆی بە ئێمە هێنا ئێمەش دڵمان خۆش بوو کە جارێکی تر چاومان پێکەوت، دوای چەنج رۆژ لە هەولێر دواتر لە 1959/4/24 سواری ئۆتۆمبێل بووین هەتا خەلیفان لەگەڵ هەڤاڵان پێکەوە بووین و دواتر لێک جیاواز بووین و چووینە ناو کەسوکارمان و ئێمەچووینە شانەدەری سەربەدەڤەری بارزان کە دەیانزانی ئێمە دەگەڕێنەوە خەڵک هاتبوونە بە ژن و مێرد و گەنج هاتنە ماڵی مامی خۆم شوان ئاغا شانەدەری کە خەڵک دەهاتن بەخێرهاتنی ئێەیان دەکرد، دوای بۆ ئێمە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر وەزیفە دەرچوون من بروانامەی کشتوکاڵم لە سۆڤیەتی جاران وەرگرتبوو کە 6/22/ 1959 چوومە سلێمانی لەبەگر جۆ لە دائیرەی زراعی کشتوکاڵ لەوێدا خزمەتم کرد و هەروەهاخەڵکی سلێمان زۆر باش بوون کوردی و هەستی کوردایەتیان تێدا بوو و زۆریان بارزانیی نەمر خۆش دەویست کە هەمیشە خزمەت بەکوردستان دەکات.

یادی گەرانەوەی ئێمە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر و شادبوون بە کوردستان لە هەموو گەلی کوردستان پیرۆز بێت، لەم یادە هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێبازی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد.